# قەیرانی ئاوارەکانی عێراق
## ڕاپۆرتی بارودۆخ ژمارە. ١٣ (٢٠ی ئەیلول – ٢٦ی ئەیلول)

ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن نووسینگەی ڕێکخەری کاروباری مرۆیی لە عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانی مرۆیی ئامادەکراوە. ماوەی ٢٠ی ئەیلول هەتا ٢٦ی ئەیلول لە خۆدەگرێت. لەبەر گۆڕانی هەرەمەکی بارودۆخەکە ئەگەر هەیە کە ژمارەکان و شوێنەکان بە لییستێك دانراون لەو ڕاپۆرتە چیتر دەقیق نەبێت. ڕاپۆرتی داهاتوو لە دەوروبەری ٢٠١٤/١٠/٦ دا بڵاودەبێتەوە.

## هەواڵە سەرەکیەکان



The boundaries and names shown and the designations used on this map do not imply official endorsement or acceptance by the United Nations.

- تێڕوانینی پێویستیەکانی مرۆیی ئاماژە بەوە دەکات کە ٥,٢ ملیۆن خەڵك پێویستیان بە هاوکاری مرۆیی هەیە.
- دەستگەیشتن بۆ هاوکاری خەڵکانی زیان بەرکەوتوو نیگەرانیەکی سەرەکیە.
- هەوڵەکانی وەرزی زستانە پێویستە و دەبێ بەپەلە بەرزبکرێتەوە.
- پێناسەیەکی پاڵپشتی دارایی و پرۆگرامی پسوولەی پارە وەرگرتن لە هەرێمی کوردستان – عێراق لە مانگی ١٠ پێشبینی دەکرێت بۆ کەم کردنەوەی ئەو فشارەی کە لەسەر خۆراك هەیە.
- هەڵسەنگاندنێکی بەپەلە جێبەجێ کرا بۆ ئاوارەکان کە لە قەزای ئەلقوش لە پارێزگای موسڵ دەگەرێنەوە، کە زیاتر لە ٢٠٠٠ خێزان لەخۆ دەگرێت.

## تێڕوانینێکی بارودۆخەکە

تێڕوانینی پێویستیەکانی مرۆیی لە عێراق لە ٢٥ی ئەیلول بڵاوکرایەوە. بەڵگەنامەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەرچەندە ١,٥ ملیۆن خەڵك ئێستا دەستیان گەیشتووە بە هاوکارانی مرۆیی؛ ئەمە بەرامبەر بە کۆی دانیشتوانێکە کە پێویستیان بە هاوکاری بەپەلە هەیە نزیکەی ٥,٢ ملیۆن ئاوارە دەبێت. هەرێمی کوردستان – عێراق ٨٥٠,٠٠٠ ئاوارە لەخۆدەگرێت لە کۆی ١,٨ ملیۆن خەڵك کە ئاوارەبوون لەسەرتاسەری عێراق لەوەتەی مانگی ١ی ٢٠١٤. دووەم گەورەترین ژمارەی ئاوارەکان لە پارێزگای ئەنبار جەختی لەسەر کراوەتەوە. تێڕوانینەکە، هەرچەندە، بە ملیۆنان خەڵك کە پێویستیان بە ژیانە لەدەرەوەی حکومەتی عێراق کە بەشێوەیەکی خراپ دەستیان دەگات بە مرۆیی و سنوردارکراوە.

+ For more information, see "background on the crisis" at the end of the report

تێڕوانینی پێویستیەکانی مرۆیی زیانبەرکەوتووەکان لەسەر ئاستی پارێزگا پۆلین دەکات بەگوێرەی هەڵسەنگاندنی گروپەکانی ئاسایشی خۆراك و پاراستن و تەندروستی و شوێنی حەوانەوە لە نێوان ئاماژەکانی تری کۆمەڵایەتی. زۆرترین زیانبەرکەوتوو لە ١٨ پارێزگاکەی عێراق لە ئەنبار و دهۆك دوابەدوای هاوشێوەی دیالە و هەولێر و کەرکوك و موسڵ و سەلاحەددین. هەشت پارێزگا یەك ئاست لە خوارەوەی حالەتەکانی زیان بەرکەوتوو پۆلین کراون. ئەو پارێزگایانەی کە کەمترین زیانیان بەرکەوتووە بەهۆی قەیرانەوە بریتین لە پارێزگاکانی میسان و موثنی و زیقار.

سروشتی ململانێکە بۆتە هۆی بەردەوامی لێشاوی ئاوارەبوون، لەگەڵ هێلەکانی پێشەوە بە بەردەوامی ئاوارەکان دێنە ژوورەوە، ئاوارەبوونێکی تر تۆمارکراوە لە هەندێ ناوچە، لەوانە – وەکو نموونەیەك – ئەلعەلەم، لە نزیك تکریت ( پارێزگای سەلاحەددین)، لەو شوێنەی کە ژمارەی خێزانە ئاوارەکان کە لە ململانێیەکە ڕادەکەن ڕاپۆرتکراون کە زیادیان کردووە لەسەرەتای مانگی ئەیلول لە ٧٠٠٠ خێزانەوە بۆ ١٣٥٠٠ خێزان لە کاتی ڕاپۆرت کردن. لە خانەقین (پارێزگای دیالە) ئاوارەکان بەردەوامن لە هاتنە ژوورەوە، لەگەڵ تێکرایەکی ١٠ خێزان کە ڕۆژانە دەگەنە کەمپی نوێ ی عەلیاوە لەوەتەی ناوەڕاستی مانگی ئاب. جولەی ئاوارەکان بەرەو هەرێمی کوردستان - عێراق، بەتایبەتی لە ناوچەکانی ناوەوە و دەوروبەری موسڵ، هەروەها بەردەوامن لە تۆمارکردن، هەرچەندە، هاتنەژوورەوە بۆ ناو هەرێمی کوردستان - عێراق بۆ هەندێ گروپ زۆر ئەستەم بووە، هەروەك ڕێنماییەکانی چون و هاتن لەسەر ئاوارەکان دانراوە بەهۆی شوێنی جوگرافی و ڕێ و شوێنەکانی ئەمن و ئاسایش. هەروەها ئاوارەبوونی دووەمیش تۆمارکراوە لە هەندێ ناوچە. دەسەڵاتداران داوای گواستنەوەی ئاوارەکان دەکەن لە قوتابخانەکان، لەو شوێنەی کە نیشتەجێببوون، بۆ ڕێگە دان بە دەستپێکی ساڵی ئەکادیمی دواخراوی ٢٠١٥/٢٠١٤. گواستنەوەی ئاوارەکان لە قوتابخانەکان سەری هەڵداوە، و لە هەندێ حالەتدا، بەبێ شوێنی نیشتەجێبوونی جێگرەوە دابین کرابێت. هەروەها هەندێ قسە هەن لە بارەی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنی زێدی خۆیان، ئەویش یان لەبەر ئەوەیە کە ئاوارەکان باوەڕیان وایە لە ناوچەکانی زێدی خۆیان ئاسایش ڕووی لە باشتربوون کردووە، یان لە ڕێگەی ئەوەی کە ئەوان جێ ی خۆیان خۆشکردووە لە نێوان کۆمەڵگا خانەخوێکان و دەستگەیشتنی سنورداریان هەیە بۆ هاوکاری لەو شوێنانەی کە ئاوارەبوون.

ئاستەنگەکانی یاسای ئاڵۆزیش کاریگەری هەیە لەسەر هەوڵەکانی کۆمەکی، بۆ نموونە، نێردەیەکی ١٢ بارهەڵگر بە ٢٠٠٠٠٠ دەرزی کوتانی دژی ئیفلیجی، هەروەها دەرمانەکانی چارەسەرکردن و کۆمەکیە پزیشکیەکانی تر، لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوەخۆ قەدەغەکراوە بۆ گەشتکردن لە کەرکوکەوە بۆ موسڵ. لە ڕووداوێکی تر، هاوکاری بۆ خەڵکانی مەدەنی لە ناوچەکانی زیانبەرکەوتووی ململانێ لە سەلاحەددین دواخراوە بۆ چەند هەفتەیەك هەروەك دەسەڵاتداران بیریان لە ڕێگاپێدانی دەستگەیشتن بە هێلی پێشەوە کردووەتەوە. لەلایەکی تر، هەندێ لە هاوکاران زۆریان لێ کراوە بۆ ئەوەی چاڵاکیە مرۆییەکان دوابخەن لە ئەنبار بە مەبەستی دووبارە نوێبوونەوەی نیگەرانیەکانی ئەمن و ئاسایش بۆ ستاف و ئۆپەراسیۆنەکان. لەوکاتەی کە هەموو ڕێگاکانی نیگەرانی لە بارەی کردنەوەی بۆشاییەکی مرۆیی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، لەوانە پارێزگاری لەسەر بنەمای ڕاستی بۆ بەرزکردنەوەی ڕێز و سوپاس بۆ یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی، گفتوگۆیەکان لەبارەی فرە هێلی ئۆپەراسیۆنەکان لەگەڵ هەموو لایەنەکان بۆ ململانێکە زیاد کراون.

تێروانینی پێویستیەکانی مرۆیی پۆلینکردنی زیانبەرکەوتووان بۆ هەر پارێزگایەك بۆ هەر گروپێك

| Governorate | Food Security | Protection | Shelter NFI | Education | Health | WASH | CCCM | Social Cohesion | Overall |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ANBAR | 5 | 5 | 5 | 5 | 5 | 5 | 4 | 5 | 5 |
| Babylon | 2 | 3 | 4 | | 3 | 3 | 1 | 2 | 3 |
| Bagdad | 4 | 3 | 5 | | 2 | 4 | 2 | 4 | 3 |
| Basrah | 2 | 4 | 2 | | 3 | 4 | 1 | 2 | 3 |
| Dahuk | 4 | 4 | 5 | 4 | 4 | 5 | 5 | 5 | 5 |
| Diyala | 2 | 5 | 4 | | 5 | 4 | 3 | 3 | 4 |
| Erbil | 4 | 3 | 4 | 4 | 4 | 4 | 4 | 4 | 4 |
| Kerbala | 2 | 3 | 3 | | 3 | 3 | 4 | 2 | 3 |
| Kirkuk | 4 | 4 | 5 | | 4 | 5 | 3 | 4 | 4 |
| Missan | 2 | 2 | 2 | | 3 | | 2 | 2 | 2 |
| Muthanna | | | | | 2 | | | | 2 |
| Najaf | 2 | 3 | 3 | | 3 | 3 | 4 | 2 | 3 |
| Ninewa | 4 | 5 | 5 | | 5 | 4 | 4 | 4 | 4 |
| Quadissiya | 2 | 3 | 3 | | 3 | 3 | 2 | 2 | 3 |
| Salah al-din | 4 | 5 | 5 | | 5 | 4 | 3 | 4 | 4 |
| Sulaymaniyah | 3 | 3 | 3 | 4 | 4 | 4 | 2 | 4 | 3 |
| Thi-Quar | 2 | 2 | 2 | | 2 | | 1 | 2 | 2 |
| Wassit | 2 | 3 | 3 | | 3 | 3 | 3 | 2 | 3 |

وەرزی زستانی قورس زۆر بە زوویی ڕوودەدات و سەرەڕای نوێبوونەوەی هەوڵەکان، هاوکارانی مرۆیی زۆر نیگەرانن لەبارەی ئامادەکاریەکان کە ڕێکدەخرێن و ئەو ستافە و ماددەیە و پاڵپشتیە داراییەی کە هەیە بەشی وەڵامدانەوەی پێویستیە بەپەلەکان ناکات. دەسەڵاتدارانی بەغدا و هەرێم نیگەرانی هاوشێوە دەردەبڕن و بانگەشەی کاری بەپەلە دەکەن بۆ ڕێگرتن لە ئازارچەشتنی زیاتری زیان بەرکەوتووان، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بەهۆی ململانێیەکە. تەکنیکێکی پلانی وەڵامدانەوەی بەپەلەی ئاوارەکان کە دەبێ وەکو کاری سەرەکی جێبەجێ بکرێن، هەروەها پێکانی کەم و کورتیەکانی پاڵپشتی دارایی پێش دەستپێکردنی وەرزی زستان بۆ هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان - عێراق بە کۆتا هێنراون. پلانەکە جەخت لەسەر پێویستی سەیرکردنی هەموو ڕێگاکان، لەوانە ڕێگای لاوەکی، بۆ جولەپێکردنی توانای زیاتر و پاڵپشتی دارایی بۆ وەڵامدانەوە.

# وەڵامدانەوەی مرۆیی

## ئاو و پێداویستی تەندروستی و خاوێنکەرەوە

پێویستیەکان:

- بارودۆخی لاوازی ئەمن و ئاسایش لە پارێزگای ئەنبار، بەتایبەتی لە دەوروبەری ڕومادی لەو شوێنەی کە ئۆپەراسیۆنەکانی سەربازی چڕوپڕ لە ڕێگا دان، کاریگەری دەخاتە سەر چالاکیەکانی ئاو و ئاوەڕۆ.

.

- هەندێ لە ئاوارەکان گەڕاونەتەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان لە قەزای حەدیثە، لە پارێزگای ئەنبار. ئاوارەکانی فەلوجە دەگەڕێنەوە بۆ قەزا بچووکەکانی سەقلاویە و ئەمریتی ئەلفەلوجە لە دوای ئەوەی کە حکومەتی عێراقی بەم دواییانە گەرەنتی داوە کە

هێزەکانی ئاسایشی عێراقی مەدفەعیە بەکارناهێنێت و چەکەکانی تری دژی خەڵکی مەدەنی لە ناوچە مەدەنیەکان. دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی ئاو و ئاوەڕۆ داواکراوە بۆ ئاوارە گەڕاوەکان.

- لەوکاتەی دابین کردنی ئاو و خاوێنکەرەوە بۆ ئاوارەکان لەسەرتاسەری عێراق زیاد کراون، باشتربوونی ڕاهێنانەکانی پێداویستی وەکو نیگەرانی دەمێنێتەوە. پرۆسە و جۆری گەیاندنی چالاکیەکانی بەرزکردنەوەی کاریگەری پێویستی خاوێنکردنەوە وەکو توخمێکی زۆر پێویستی ئاو و پرۆگرامەکانی خاوێنکردنەوە بەهێزکراوە.

وەڵامدانەوە:

**ناوەند و باشوری عێراق:**

- لە بەسڕا ١٠٠٠ ئاوارە لە شوێنی نافەرمی نیشتەجێبوون کە ٢٠٠ پێداویستی خاوێنکردنەوەی هەرزەکاران دابین کراون، ٢٠ پێداویستی ئاوی سەرەکی خێزانی و ١٢٠٠ گالۆن و ٢٠٠ سەتڵ و ٦٠٠ ئامێری خاوێنکردنەوە.

- لە کەربەلا ١١٣٧ ئاوارە دەستیان پێگەیشتووە لە ڕێگەی دابین کردنی ئاسانکاریەکانی خاوێنکردنەوە. هاوکارانی گروپ ڕاهێنانیان بە ٦٠ ستافی ڕێکخراوی ناحکومی ناوەخۆ کردووە لە بارەی بەرزکردنەوەی هۆشیاری خاوێنکردنەوە و ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکان و پرۆتۆکۆلەکانی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆلێرا. بەردەوامی هۆشیاری پەروەردەی خاوێنکردنەوە بۆ ١٥٠٠ ئاوارە دابین کراوە.

- لە پارێزگای زیقار، ٣٠٠٠ ئاوارە لە شوێنی نافەرمی نیشتەجێبوون کە ٦٠٠ پێداویستی خاوێنکردنەوەی هەرزەکارانیان وەرگرتووە، ٦٠ پێداویستی ئاوی سەرەکی خێزانی، ٢٤٠٠ سابوونی سەر ئاو، ٤٠٠ گالۆن و ٦٠٠ سەتڵ و ٦٠٠ ئامێری خاوێنکردنەوە.

- لە پارێزگای ئەنبار ٧٧٧٩ کەس ئاوی سەلامەتیان وەرگرتووە و ٣٤٣٨ خەڵک سوودیان لە کۆکردنەوەی پاشماوە وەرگرتووە لە چەقی هیت و کوبەیسە و ئەلفورات و ئەلمەموره لە قەزای هیت. لە ئەمریاتی لە فەلوجە ٢٣١٨ خەڵک دەستیان پێگەیشتوون بە دابەشکردنی ئاو بەسەریاندا و ١٤٩٨ خەڵک لە ئەلخالدیە دابەشکردنی ئاو دەستی پێکرد بۆ ٤٨٥١ کەس و کۆکردنەوەی پاشماوە بۆ ١٧٣١ خەڵک. گەیاندنی تانکەری ئاو لە ئەلحەبانیە دابین کراوە بۆ پێداویستیەکانی ٣١٢٦ کەس و کۆکراوەی تریش بۆ ١٥١٦ خەڵک دابین کراون.

**هەرێمی کوردستان - عێراق:**

- گروپی هاوکاران، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی ڕاهێنانی دوو ڕاهێنەری جێبەجێکرد لەسەر دانیشتنەکانی بەرزکردنەوەی هۆشیاری خاوێنکردنەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئامادە سازی بۆ ڕاهێنانپێکردنی زیاتر بۆ ستافەکانی لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی تەندروستی و ڕێکخراوە ناحکومیە ناوخۆییەکان و پێشبینی دەکرێ کە ئەم دەستپێکە ببێتە هۆی باشتربوونی جولەی کۆمەڵایەتی بۆ ڕاهێنانی سەلامەتی خاوێنکردنەوە لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی.

- ٦٦ تانکەری ئاو نێردراوە بۆ دهۆک و زاخۆ و ٩ تانکی ئاوی ٥٠٠٠ لیتری لەم هەفتەیە چەسپکراون. هەتا ئێستا، نزیکەی ٥٨٦٥٩٣ خەڵک دەستیان پێگەیشتوون بە دابین کردنی ئاو لە پارێزگاکانی دهۆک و هەولێر و سلێمانی. پێشبینی دەکرێ کە، هەر هەفتەیەك، ئەم ژمارەیە بەرزدەبێتەوە لەلایەن ١٥٩٤ خەڵک لەسەرتاسەری هەر سێ پارێزگاکە. گروپەکە دەستی دەگات بە نزیکەی لەسەدا ٩٠ی ئامانجی دانیشتووان. هەرچەندە، بەرەوپێشوەچونێکی بەرچاو داواکراوە بۆ دڵنیاکردنەوەی بەردەوامی جۆریەتی دەستگەیشتن و جۆری ئاو.

- کۆی ١٧٦٨٠٥ ئاوارە دەستیان پێگەیشتووە بە خزمەتگوزاریەکانی خاوێنکردنەوە لە پارێزگاکانی دهۆک و هەولێر و سلێمانی، زیادبوونێکی ٣٠٠٠٠ خەڵک لەوەتەی هەفتەی ڕابردوو. ئەمە لە ڕێگای چەسپکردنی تەوالێتەکانەوە بەدەستهاتووە، دابین کردن و خاوێنکردنەوەی ٥٧٣ تەوالێتی تر لە کەمپە گواستراوەکان، قوتابخانەکان و سەنتەرەکانی کۆکردنەوە و باڵەخانەی خۆشتنی

٢١٠ ژووری. کۆکردنەوەی پاشەڕۆ و خاوێنکردنەوەی ماددەکان بەسەر ٣٧٠٠ خەڵك دابەشکراون لە سێ پارێزگاکان. لەم هەنگاوەدا، گرووپی هاوکاران دەستیان دەگات بە نزیکەی لەسەدا ٢٧ ی دانیشتوانی ئامانجکراو.

- پرۆگرامەکانی خاوێنکردنەوە دەستی گەیشتە ٣٧٧٢٩٥ خەڵك لە پارێزگاکانی دهۆك و هەولێرو سلێمانی زیادبوونێکی ٣٢٠٠٠ هەیە لە ماوەی ڕاپۆرتەکەی پێشوو. تێبینی کرابوو کە دابەشکردنی ٥١٦٨ پێداویستی خاوێنکردنەوە و پێداویستی منداڵ و ٨٢ دانیشتنی بەرزکردنەوەی هۆشیاری پێداویستی خاوێنکردنەوە بەتەنها لەم هەفتەیە. گرووپەکە دەستی گەیشتووە بە نزیکەی لەسەدا ٥٨ دانیشتووانی ئامانجکراو لەگەڵ هەندێ لایەنی بەرزکردنەوەی هۆشیاری خاوێنکردنەوە. هەرچەندە، کارێکی بەرچاو کراوە بۆ دابین کردنی جۆریەتی بەرزکردنەوەی هۆشیاری خاوێنکردنەوە لە نامەناردن و جولەپێکردنی کۆمەڵایەتی بۆ بەدەستهێنانی ژینگەی خاوێن وەکو کەم و کورتیەکی گرنگ دەمێنێتەوە.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- چاڵاکی سەربازی داخراوە لە زۆربەی شەقامەکان لە ناو پارێزگای ئەنبار لە قەزای فەلوجە، ڕێگری دەکات لە گەیاندنی ئاو بۆ سوودمەندبووان لە ئەمریە، ئەلفەلوجە ناسەقامگیری ئەمن و ئاسایش کاردەکاتە سەر شەقامەکان لە بەغداوە بۆ پارێزگاکانی باشور و هەروەها لە بەغداوە بۆ پارێزگای ئەنبار. ئەمە کاریگەریەکی زۆر خراپ دەکاتە سەر وەڵامدانەوەی کەرتی ئاو و ئاوەڕۆ.
- پێویستیەك هەیە بۆ بەهێزکردنی هەماهەنگی ئاو و ئاوەڕۆ، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان عێراق لە پارێزگای دهۆك.
- لەخۆگرتنی هەموو پێویستیەکانی خزمەتگوزاری ئاو و ئاوەڕۆ لە پارێزگای دهۆك، بەتایبەتی ئاوارەکان کە لە سەنتەرەکانی کۆکردنەوەی ئاوارەکان دەمێننەوە، قوتابخانەکان و شوێن نیشتەجێبوونەکانی نافەرمی. بە ئەستەمی دەمێنێتەوە. ئۆپەراسیۆنەکانی ئاو و ئاوەڕۆ ئاڵۆزن بەو ڕاستیەی کە لەسەر ئاوارەکان بڵاوبوونەتەوە لە سەرتاسەری ژمارەیەکی زۆری شوێنەکان، و بە گۆڕانی دانیشتووان بە بەردەوامی و بەردەوامی ئاوارەبوون.

## ئاسایشی خۆراك

پێویستیەکان:

- گرووپی هاوکارانی خۆراك دەستیان گەیشتووە بە ١ ملیۆن سوودمەندبوو لە نێوان مانگی ٦ی ٢٠١٤ و چارەگی یەکەمی مانگی ئەیلولی ٢٠١٤، لەسەرتاسەری ووڵات، هاوکاری خۆراك پێویستیەکی سەرەکیە بۆ ٨.١ ملیۆن خەڵك.
- لەوەتەی مانگی ١ی ٢٠١٤ تاوەکو ١٤ی ئەیلول، گرووپەکە ٥٧٦٢٥ تەن هاوکاری کڕیوە، لەسەر ئاستی هەرێمی و ناوەخۆیی، کە ئۆپەراسیۆنەکانی پێداویستی خۆراك پڕدەکاتەوە هاتە مانگی ١١ی ٢٠١٤.
- لە ڕێژەی ئێستای دابەشکردنەکان، کەمبوونەوەی ئۆپەراسیۆنی دارایی بۆ کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ بۆ دەستپێشخەریەکانی خۆراك کە نزیکەی دەگاتە ٣٥$ ملیۆن دۆلار. بەو ئەنجامەش، جەختکردنەوەیەکی زیاتر دەخرێتە سەر دەستنیشانکردن و ئامانجی سوود لێوەرگرتن بۆ هاوکاری خۆراك. لەوەش زیاتر، لەسەدا ٥٠ی زیادبوونی ژمارەی پلان بۆ دانراوی ئاوارەکان لە ١,٢ تا ١,٨ ملیۆن ئاوارە پێشبینی دەکرێ کە کەمبوونەوەی بەرچاو زیادبکات.

وەڵامدانەوە:

- گرووپی خۆراك هاوکاری دەکات لە خەزنکردنی خۆراك و کڕین و دانانی سیستەمی کەل و پەلەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق تاوەکو بڕیکی تەواو لە وەڵامدانەوەی کاریگەر دابین بکات بۆ پێویستیەکانی خۆراکی ئاوارەکان. گرووپەکە ڕێککەوتنی لەسەر ئاستی مەیدانی بە ئەنجام گەیاند لە پارێزگاکانی موسنی و زیقار و واسیت و میسان.

- پێناسەکردنی پاڵپشتیەکی دارایی و پرۆگرامی پسوولەی دارایی لە هەرێمی کوردستان - عێراق لە مانگی ١٠ پێشبینی دەکرێ ئەو فشارەی کە لەسەر کەرتی خۆراك هەیە کەمی بکاتەوە. چەکی پارە و گفتوگۆیەکانی پسوولەی پارە تەواوکراون لەگەڵ هاوکاران و گفتوگۆیەکان بەردەوام دەبن لەگەڵ دوو لە هاوکارانی تری بە توانا.

- بۆماوەی نێوان ٧ – ١٤ ی ئەیلول دابەشکردنی خۆراك گەیشتە زیاتر لە ٢١٥٠٠٠ خەڵك لەسەرتاسەری عێراق.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- کەمی دەستگەیشتن بە ناوچەکانی ململانێ دەبێتە ڕێگر لە گەیاندنی هاوکاری بۆ ئەو دانیشتووانانەی کە پێویستیان بە هاوکاری هەیە.

- زیادبوونی ژمارەی ئاوارەکان فشار دەخاتە سەر توانای ئێستای گروپی هاوکاران و هەروەها کۆمەڵگا خانەخوێکان.

## شوێنی حەوانەوە و ماددەکانی کە خۆراك نین

پێویستیەکان:

- میکانیزمی بەدواداچوونی ئاوارەکان سەر بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ پەنابەران ڕاپۆرتی کردووە کە ٢٢١٦٥١ خێزانی ئاوارە لە عێراق کەل و پەلەکانی ناخۆراکیان نیە لەوکاتەی کە ١١٠٢٢٣ خێزانی ئاوارە شوێنی نیشتەجێبوون وەکو پێویستیەکی سەرەکی دادەنێن. لەسەر بنەمای زانیاری لەلایەن گروپی هاوکاران، کە ١٢٦١٧٦ خێزان لە ناو عێراق کەل و پەلی کە خۆراکی نین وەریان گرتووە لەوەتەی مانگی ١ ی ٢٠١٤. بە درێژایی ماوەی ڕاپۆرتەکە ٧٥٧٠ خێزانی ئاوارەبوو کەل و پەلی ناخۆراکیان وەرگرتووە لە پارێزگاکانی بابل و بەغدا و هەولێر و کەربەلا و کەرکوك و نەجەف و موسڵ و قادسیە و سلێمانی و واسیت.

- ٢٧٨٤٠ خێزانی ئاوارە لە قوتابخانەکان نیشتەجێبوون، و ئەمەش بووە هۆی دواکەوتنی دەستپێکی ساڵی ئەکادیمی ٢٠١٤/٢٠١٥ بۆ زۆربەی قوتابیان. لە چوار قەزای پارێزگای دهۆك، ئەو ئاوارانەی کە لە قوتابخانەکان نیشتەجێبوون دەرکراون و لە سێ قەزاکەی تر ٤٣٠ قوتابخانە هێشتا لەلایەن ١٦٩٥٧ ئاوارەکان داگیرکراون. چۆڵکردنی ئاوارەکان لە قوتابخانەکانەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی شیاو وەکو کارێکی سەرەکی دەمێنێتەوە. پلانێکی ڕێك و پێك داواکراوە بۆ دڵنیاکردنەوەی کە چارەسەرێکی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ ئەو ئاوارانە بدۆزرێتەوە کە هێشتا لە قوتابخانەکان ژیان بەسەر دەبەن.

- لەگەڵ نزیك بوونەوەی مانگەکانی وەرزی زستان ٤٨٠٠٠٠ ئاوارە لە هەرێمی کوردستان - عێراق داوای هاوکاری وەرزی زستانە دەکەن، بەڵام ئەو سەرچاوانەی کە هەن تەنها بۆ ٢٤٠٠٠٠ ئاوارەیە. لە بەشەکانی تری عێراق ١٠٠٠٠ خێزانی ئاوارە داوای ڕەشماڵ و ٢٠٠٠٠ پێداویستی وەرزی زستانە دەکەن، لەوانە کیرۆسین بۆ چێشت لێنان و داواکاریەکانی گەرم کەرەوە. ٤٠ پرۆژە ڕادەست کراون کە لەلایەن ١٧ لە گروپی هاوکاران هەڵدەستن بە چاوپیاخشاندنەوە بە پلانی ستراتیژی وەڵامدانەوە. نزیکەی لەسەدا ٥٠ ی ڕادەستکراوەکە لەوانە برگەی وەرزی زستانەیە.

وەڵامدانەوە:

- بنیاتنانی کەمپ لە بەرەوپێشچوون دایە لە پارێزگاکانی کەرکوك و سلێمانی و دیالە و هەولێر و دهۆك و. چوار کەمپی گوستراوە لە پارێزگای دهۆك کراونەتەوە، لەوکاتەی شەش لە کەمپی ئاوارەکان لە ژێر پەرەپێدان دان. پێنج لەو کەمپانە بەبێ پاڵپشتی دارایی دەمێننەوە و بەبێ ئاژانسی دامەزراندن. لە پارێزگای هەولێر یەك کەمپ کراوەتەوە و چوار کەمپی

تریش بنیاتنراون. لە پارێزگای سلێمانی یەك کەمپی ئاوارە کراوەتەوە و چوار کەمپی تریش لە ژێر پەرەپێدان دان. یەك کەمپی گواستراوە لە پارێزگای موسڵ کراوەتەوە.

- ٢٥٠ سەنتەری کۆکردنەوە کراونەتە ئامانج بۆ هاوکاری لەسەرتاسەری ناوەند و باشوری عێراق.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- ستراتیژی وەرزی زستانە بەپەلە داواکراوە. تیمی وەرزی زستانە لە ئێستادا لە دهۆك و ئامادەیی گروپی کارکردن بۆ کەل و پەلەکانی ناخۆراکی لە هەولێر لە ڕۆژی ٣٠ ی ئەیلول.
- بە بەردەوامی کەمی هەیە لە دەستگەیشتنی گروپی هاوکاران بۆ هەندێ لە ناوچەکان بۆ دابەشکردنی کۆمەکیەکان، ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنەکان و چالاکیەکانی تر بەهۆی نەبوونی ئەمن و ئاسایش.

## تەندروستی

پێویستیەکان:

- لە پارێزگای موسڵ، ٢ لە ١٤ نەخۆشخانە بە باشی کار ناکەن. ٦٤ نۆرینگەی چاودێری سەرەتایی کارەکان بەرێوە دەبەن لەوکاتەی کە ٢٣ نۆرینگەی تر زیانیان بەرکەوتووە بەهۆی ئاوارەبوونی ستافی پزیشکی.

وەڵامدانەوە:

- لە نێوان ١٤ – ١٨ی ئەیلول هەڵمەتی نیشتمانی کوتان دژی ئیفلیجی منداڵانی خوار تەمەنی ٥ ساڵی بە ئەنجام گەیاند و لە ٧ قەزای پارێزگای دهۆك لەرێگەی ٤٧ نۆرینگەی چاودێری تەندروستی جێبەجێکراوە.
- دامەزراوەی نۆرینگەی چاودێری تەندروستی لە کەمپی ئاوارەی بەحرکە تێکرای ٥٧٥ ڕاوێژکردنی هەفتانە دابین دەکات. هۆیە سەرەکیەکانی ڕێژەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی بریتین لە نەخۆشیەکانی هەوکردنی کۆئەندامی هەناسەدان و هەرسکردن.
- دوو یەکەی گەڕۆکی پزیشکی لە پارێزگای هەولێر کارەکە بەرێوە دەبەن. ئەوان هەڵدەستن بە دابین کردنی خزمەتگوزاری بۆ ئاوارەکان لە شاری هەولێر، لە بنەسڵاوە و سەنتەری وەرزشی بەرازیلی لە عەنکاوە. لە یەکەم ڕۆژیان لە دەستپێکی ئۆپەراسیۆنەکان یەکەکانی پزیشکی گەڕۆك ڕاوێژکردنیان بۆ ٥٧ خەڵك (٣٣ ئافرەت و ٢٤ پیاو) دابین کرد.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- سیستەمی چاودێری نەخۆشی لە پارێزگای موسڵ زۆر لاوازە. پەیوەندی کردن لە نێوان سەنتەری موسڵ بۆ کۆنترۆڵ کردنی نەخۆشی قەزاکان زۆر سنوردارە و هەندێ ڕاپۆرتی هەفتانە و مانگانە ناگەنە دەستی یەکەکانی چاودێری کردن.

## پاراستن

پێویستیەکان:

- تیمەکانی چاودێری کردنی پاراستن هەڵسەنگاندنی بەپەلەیان ئەنجام دا لەدوای گەڕانەوەی ئاوارەکان لە هەولێرەوە بۆ قەزای ئەلقوش لە پارێزگای موسڵ. هەڵسەنگاندنەکە ١٣٠٠ خێزانی مەسیحی لەخۆگرت (٩١٠٠ کەس) و ٨٣٠ خێزانی یەزیدی (٥٨١٠ کەس). زۆربەیان گەڕاونەتەوە بۆماڵەکانی خۆیان، بەڵام ئەوانی تر لەگەڵ خێزان یان برادەرەکانیان نیشتەجێبوون، یان لە شوێن نیشتەجێبوونی بەکرێگیراو یان لە کڵێسا دەژین. ئاوارە گەڕاوەکان دەڵێن کە ئەوان هەست بە ئەمن و ئاسایش دەکەن بەڵام داوای هاوکاری مرۆیی دەکەن. ئەوانەی کە لە خانوی بەکرێ دان داوای پاڵپشتی دارایی دەکەن. ژمارەی ئەوانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەتن دەستنیشانکراون کەمن و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت لەسەر ئاستی خاوەن ماڵ.

- چاودێرانی خاڵەکانی پشکنین بەرزبوونەوەیەکی کەمیان دەستنیشانکردووە لە ژمارەی ئاوارەکان لە موسڵ بە دوای هاتنە ژوورەوە دەگەڕێن بۆپارێزگای هەولێر. هەندێ لە ئاوارەکان دەڵێن نەیانتوانیوە بێنە ناو پارێزگای هەولێر بەبێ بوونی سپۆنسەرێك، کە پێویستی بە کەسێکی کورد هەیە کە دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت. نزیکەی ٣٥٠ خەڵك گیریان خواردبوو بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لە خاڵێکی پشکنین لە نێوان پارێزگاکانی کەرکوك و هەولێر. ئاوارەکانی کە بە ڕەچەڵەك خەڵکی موسڵ و بێجی و تەلعەفەر و سنجار و موسڵ و ڕومادین بەشێوەیەکی سەرەکی بریتین لە نەتەوەی شەبەك و عەرەب. ڕاپۆرتەکانی ئەم دواییەی ڕاگەیاندنی ناوەخۆ دەڵێن کە داعش ٧٢ کاتژمێری بە خەڵکی کورد داوە تاوەکو بە تەواوی شاری موسڵ چۆڵ بکەن یان ڕووبەڕووی دەرەنجامی زۆر توند ببینەوە.

وەڵامدانەوە:

- بەردەوامی هەڵسەنگاندنەکانی چاودێریکردنی پاراستن لەوەتەی مانگی شوبات جێبەجێ کراون بۆ ٣٦٩٩٠٥ کەس ٥٦٦٤٨ خێزان): ئەوانەی کە هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە ١١٠٢٩ حالەت سەلمێنراون بۆ هاوکاری دارایی، ١٥٠٠٨ حالەت هاوکاری یاساییان وەرگرتووە، و ڕەوانەکردنی ٥٤١٤ کەس ئەنجام دراوە کە خاوەن پێداویستی تایبەتن. لەگەڵ ئەوەشدا، هاوکاری دەروونی بۆ ٨١٧٣ منداڵ و ١٢٤ قوربانی سێکسی و شێوەکانی تری توندوتیژی لەسەرە بنەمای ڕەگەزی دابین کراوە. ١٣٧١٣ پێداویستی ئافرەتان دابەشکراون بۆ ڕزگاربووان لە دەستی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریەکان بۆ ئاوارە گەڕاوەکانی ئەلقوش سنوردارە، بەتایبەتی بۆ ئافرەتان و منداڵان. باڵەخانە تەندروستیەکان بە باشی کار ناکەن بەهۆی کەمی ستاف و دەرمان و ئامێر. دەسەڵاتدارانی ناوەخۆ هێشتا دەستیان کردووە بە خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی و کۆمەڵایەتی و بازرگانیکردن لە بازاڕەکانی ناوەخۆ زۆر کەمە.

- گروپی هاوکاران پێویستی هاوکاری دەروونی بۆ ئاوارەکان دەخەملێنن بۆ ئەو ئاوارانەی کە دەناڵێنن بە دەست برینی سەخت و ئاوارەبوون بەرزن و پێویستە ئاماژەی پێبکرێت بخرێتە بەرنامەی کار.

## پەروەردە

پێویستیەکان:

- پێویستیەکانی وەڵامدانەوەی پەروەردەیی بۆ گرێدانی خزمەتگوزاریەکانی دەروونی و پەروەردە بۆ منداڵان و مامۆستایان.

- کردنەوەی زۆربەی قوتابخانەکان بۆ ساڵی ئەکادیمی ٢٠١٥/٢٠١٤ دواخراوە بەهۆی داگیرکردنی باڵەخانەکانی پەروەردە لەلایەن ئاوارەکانەوە. بارودۆخەکە لە پارێزگای دهۆك نیگەرانیەکی تایبەتی هەیە.

وەڵامدانەوە:

- گروپەکە هاوکاری وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لە نۆژەنکردنەوەی ١٢ قوتابخانە لە دوای گواستنەوەی ئاوارەکان. وەزارەتی پەروەردە پێشنیار دەکات کە کۆمەڵەی مامۆستای خێزان بەکاربهێنێت بۆ هەماهەنگی لە نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان. هێڵەکانی ڕێبەری پەرەیان پێدراوە لەلایەن وەزارەت و لەگەڵ گروپی هاوکاران بەشداری پێدەکرێت.

- گروپی هاوکاران پلان دادەنێت بۆ یارمەتیدان لە بنیاتنانی قوتابخانەکان لە کەمپی ئاوارەکانی باجێت کەندەڵە، خانکێ و خادیە و پابەندە بە نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکانی کۆمەڵگای خانە خوێ لە پارێزگای دهۆك.

- لە کەمپی بەحرکەی (هەولێر) ٨٤١ منداڵ ( ٣٦٨ کور و ٤٧٣ کچ) لە چالاکیەکانی پەروەردەیی و داهێنان ئامادەییان هەیە. هەروەها ١٩٢٤ منداڵی تریش (١٠٣٨ کوڕ و ٨٨٦ کچ) ئامادەییان هەیە لە قوتابخانەی وەرزی هاوینە لە شارەوانی شەقلاوە.

  لە شاریەی دهۆك ١١٢٥ منداڵ دەستیان دەگات بە شەش سەنتەری گەشەپێدان.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- نەك هەموو ئەو منداڵە ئاوارانەی کە لە کۆمەڵگای خانەخوێ دەژین تەمەنی قوتابخانەن بتوانن ئامادەییان هەبێ لە قوتابخانەکان بەهۆی قەرەباڵغی، یان زمان یان کێشەی خێزان.

- ئاوارەبوون و نەبوونی ئەمن و ئاسایش ڕێگری دەکەن لە کۆکردنەوەی زانیاری و شیکاری.

## کەل و پەلەکان

پێویستیەکان: .

- ئامادەکاریەکانی پرۆگرامی وەرزی زستانەی کۆمەڵگای مرۆیی پێشبینی دەکرێن کەوا دەست پێبکات لە ماوەی هەفتەکانی داهاتوو و داواکاریەکان بۆ خەزنکردنی زیاتر و گواستنەوە لەلایەن هاوکارانەوە پێشبینی دەکرێن.

وەڵامدانەوە:

- گروپەکە بەردەوامە لە هاوهەماهەنگی لەگەڵ ئۆتچا سەبارەت بەو کەل و پەلانەی کە ماوە وەرگیراون لە گەشتەکانی بەخشینەکانی دوولایەنە لە مانگی ئابی ٢٠١٤، کە بەکۆنەکراوەیی دەمێننەوە.

- کۆگای دهۆك کارەکە بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە دەبات. هاوکاری کۆگای فریاگوزاری لە هەولێر بوونی هەیە.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- گروپی دابینکارانی کەل و پەل بەردەوامە لە زیادکردنی ئۆپەراسیۆنەکان بۆ دابینکردنی هاوکاری بۆ هاوکاران لە گەشەپێدانی توانای کەل و پەلەکان.

- خەزنکردن و گواستنەوە پێشبینی دەکرێ زیاد بکات لەگەڵ دەستپێکی پرۆگرامی وەرزی زستانە.

## گرووپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان

پێویستیەکان:

- کۆمەڵگای مرۆیی لە عێراق داوای فریاگوزاری تەکنەلۆجیای زانیاری و خزمەتگوزاریەکانی پەیوەندی دەکات لە گرووپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان. دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی ڕادیۆ لە شارە گەورەکان سەلامەتی و ئەمن و ئاسایشی ستافی مرۆیی مەیدانی باشتر دەکات، لەو کاتەی دابینکردنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت لە کەمپی ئاوارەکان ڕێگا بە ڕێکخراوەکان دەدات کە پەیوەندی و بەڕێوەبردنی هەماهەنگی بە شێوەیەکی کاریگەر تر ئەنجام بدەن.

وەڵامدانەوە:

- پلانەکانی گرووپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان بۆ ناردنی خزمەتگوزاری فریاگوزاری پەیوەندیە ڕادیۆیەکان لە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆك. پاڵپشتی گرێدانی ئینتەرنێت دابین دەکرێ بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای مرۆیی لە کەمپە گواستراوەکانی عەربەت و دۆمیز و کەمپی زیاتر پلانی بۆ دانراوە لە دەوروبەری شارەکانی دهۆك و سلێمانی.

- گرووپەکە بە یەك دەست لەلایەن ئێرکسۆن هاوکاری وەڵامدانەوە سێ لە ئەندامانی ستافی خۆی بۆ عێراق ناردووە، بۆ ئاسانکردنی فراوانکردن و بەڕێوەبردنی تۆڕەکانی ئینتەرنێت لە کەمپەکانی دەوروبەری دهۆك و سلێمانی، لەوانە کەمپی عەربەت و دۆمیز. ئەمەش دەبێتە هۆی باشتربوونی ئینتەرنێت بۆ کۆمەڵگای مرۆیی و گەیاندنی خزمەتگوزاریەکانی ئینتەرنێت بە شێوەیەکی تەواو و کاریگەر.

- گرووپەکە لە ڕێکخراوی یونامی UNAMI ڕەزامەندی وەرگرتووە بۆ دانانی پرۆگرامی ڕادیۆ بۆ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە جیاتی خۆی و ئەمەش دەبێتە هۆی بەکارهێنانی زیاتری تۆڕەکانی یونامی لەلایەن ستافی نەتەوە یەکگرتووەکان. خزمەتگوزاریەکانی ڕادیۆ لە هەرێمی کوردستان - عێراق ئێستا لەلایەن ڕێکخراوی یونامیەوە دابین کراوە و تەنها بۆ ستافی نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە بەکاری بێنن. هەرچەندە گرووپی فریاگوزاری خزمەتگوزاریەکانی ڕادیۆی ئاژانسی ناوخۆ لە هەفتەکانی داهاتوودا دادەمەزرێنی.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- هەڵبژاردەی گواستنەوەی ئاسمانی نێودەوڵەتی بۆ هێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و ئامێری پەیوەندی دوورە دەست بۆ ناو هەرێمی کوردستان - عێراق سنوردارن. ئەمەش دەبێتە هۆی دواخستنی هێنان و ناردنی تەکنەلۆجیای زانیاری و ئامێرەکانی پەیوەندی دوورە دەست.

# ڕێکخستنی گشتی

- ڕێکخەری مرۆیی و سەرۆکی لێژنەی باڵای حکومەتی عێراق بۆ ئاوارەکان، جێگری سەرۆك وەزیران دکتۆر صالح مطلق کۆبوویەوە بەم دواییە بۆ باسکردن لەبارەی بارودۆخی مرۆیی لە عێراق و ڕێگاکانی بەهێزکردنی ستراتیژی و هەماهەنگی کەرتی لەسەر ئاستەکانی فیدراڵی و ناوخۆ بۆ گەورەکردنی قەبارەی کاریگەری سەرچاوە دیاریکراوەکان کە هەن بۆ ستراتیژی وەڵامدانەوە. کۆبوونەوەیەکی بەدواداچوون لەسەر ئاستی تەکنیکی لە نێوان وەزارەتە سەرەکیەکان و سەرکردەی گرووپەکان باسیان لە بەردەوامی دابین کردنی هاوکاری کرد لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقی و هاوکارانی نێودەوڵەتی؛ کارە سەرەکیە گرنگەکان لە هەندێ کەرتی سەرەکی هەروەها ڕێگاکانی بەردەوامی دان بە میکانیزمی هەماهەنگی و بەهێزکردنی بەشداری پێکردنی زانیاری. کۆبوونەوەی هەماهەنگی بەردەوام ئەنجام بدرێت لەلایەن ستافی سەرەکی پێشکەوتوو بۆ بەغدا گواستراونەتەوە بەهۆی نیگەرانی ئەمن و ئاسایش چەند مانگێك پێش ئێستا.

- ڕێکخەری هەماهەنگی هاوکاری مرۆیی ئۆتچا ۆرکشۆپێکی ڕاگەیاندن ی لە ٢٥ی ئەیلول ئەنجام دا لە هەولێر بۆ ٣٠ ڕۆژنامەنووسی ناوخۆیی و ئەفسەرانی پەیوەندی بۆ پاڵپشتی ڕاگەیاندن و هاوکاری ڕاگەیاندن لەسەر قەیرانی ئاوارەکانی عێراق.

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە:
باربەرا مانزی، سەرۆکی نووسینگە، manzi@un.org,
+964 (0) 750 312 9201 مۆبایل عێراق:

دەیڤد سوانسۆن، ئەفسەری زانیاری گشتی، swanson@un.org
+964 (0) 750-377-0849مۆبایل عێراق

بەدوا داچوون بۆ ئۆتچا عێراق بکەن لە تۆری کۆمەڵایەتی تویتەر: @OCHAIraq

بۆ بە دەستهێنانی زانیاری زیاتر تکایە سەردانی ئەم ماڵپەرە بکەن: https://iraq.humanitarianresponse.info

**زانیاری لەسەر قەیرانەکە**

لەوەتەی کەوتنی موسڵ لە ٩ی حوزەیران، گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆن، لەوانە بەعسیەکان، میلیشیا عەشایریەکان و ئەندامانی پێشووی ڕژێم / سەربازی، شان بە شان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و ڕۆژهەڵاتی عەرەبی، ڕووبەرێکی فراوانیان لە پارێزگاکانی عێراق کۆنترۆڵکردووە لەوانە موسڵ، سەلاحەدین و دیالە. شارەکانی موسڵ و تکریت و تەلعەفەر و بێجی و قوایەرە و سنجار و سلێمان بەگ و ڕەشید و ریاز و فەلەجە و حەوێجە و سەقلاویە، ئێستا لەژێر کۆنتۆڵی گرووپە چەکدارەکانی بەرهەڵستکاران دان. لەوەتەی مانگی ١ ڕووبەرێکی زۆری ئەنبار لە ژێر کۆنترۆڵی داعش دایە. ئەمەش بووە هۆی ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ناوخۆی عێراق. ئێستا عێراق بە گەورەترین دانیشتوانی ئاوارەبووی ناوخۆ لە هەموو جیهان دادەنرێت؛ زیاتر لە 1.8 ملیۆن ئاوارەبووان هەن لەوەتەی مانگی ١ی ئەم ساڵ.